سودانی: حکومەت کاری کردووە بە باشترکردنی ژینگەی بازرگانی بە هاکەشانی کەمپانیاکان لەهەموو کەرتەکاندا

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی لەمیانی پێشوازیکردنی لە بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کەمپانیای بیکەر هیوز دووپاتیکردەوە کە حکومەت کاری کردووە بە باشترکردنی ژینگەی بازرگانی بە هاکەشانی کەمپانیاکان لەهەموو کەرتەکاندا.

نوسینگەی هاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەڕاگەیەندراوەکدا کەدەستی موتەبع کەوتووە بەهاویکردەوە"سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمە چوارشەممە پێشوازی کرد لە سەرۆک و بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کەمپانیای بیکەر هیوز بەڕێز کە کەمپانیایەکی ئەمریکی تایبەتمەندە بە خزمەتگوزاری نەوت و وزەو بەڕێز لەرەنزە سیمەنەلی.

وتیشی لەمیانەی دیدارەکەدا ئاسکانی هاوکاری لەبواری وزەدا تاوتوێکران و پێژەکانی کەمپانیاکەیان لەعیراق خستەڕوو، لەوانە تەواوبوونی یەکەکانی چارەسەرکردنی غاز لەکەگەی ناسریە بەتوانای 200 ملیۆن پێ سەجا ستاندارد، کە بەیارە قەناغی یەکەمی پێش هاوینی 2026 تەواو بێت و قەناغی دووەمیش لەساڵی 2027 تەواو ببێت.

سودانی جەختی لەسەر ئامادەیی حکومەت کردەوە بە دابینکردنی هەموو ئاسانکاری و پشتیوانییەک بە کارەکانی کەمپانیاکە لەعیراقدا، لەچوارچێوەی ڕەوشوێنەکانی حکومەت بە هاتنە ناوەوەی بازرگانان و کەمپانیاکان بە بازاڕی عێراق و ئاماژەی بەوەکرد کە حکومەت کاری کردووە بە باشترکردنی ژینگەی بازرگانی بە ڕاکێشانی کەمپانیاکان لەهەموو کەرتەکاندا.

لای خۆیەوە بیکەر هیوز پابەندبوونی کەمپانیاکەی بە جێبەجێکردنی پرۆژەکانی وزە لە عێراق و فراوانکردنی چوارچێوەی کارەکانی دەربڕی و جەختی لێوە کردەوە کە عێراق دەرفەتی وێبەرهێنانی ئومێدبەخشی لە بوارە جیاجیاکاندا هەیە.